شاخەوان عەبدوڵا : ئەگەری هەیە موچەی فەرمانبەران بخرێتە سەر خەرجی سیادی

جەگری سەرکی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بەوە دەدات، بیرکەیەک هەیە بە ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە خەرجی راستەقینە جیا بکرێتەوە و بخرێتە سەر خەرجی سیادی.

ئەمە دووشەممە، شاخەوان عەبدوڵا، جەگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لەبارەی سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەغدا رایگەیاند، ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو، 18ـی ئەکتۆبەری 2023، شاندی هەولێر و بەغدا کۆدەبنەوە و هەوڵدەدرێت بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە خەرجی راستەقینە (ئینفاقی فیعلی) جیا بکرێتەوە .

جەگری سەرکی پەرلەمانی عێراق لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی پێ کرد، "بیرکەی ئەوەیە هەیە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر خەرجی سیادی، بێیە بەهەر شێوازێك بێت دەبێت بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان چارەسەر ببێت".

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەیارە سبەی سەردانی بەغدا بکات، لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری؛ ئومەد سەباح، سەرکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران؛ ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران؛ عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرکی فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون و ژمارەیەک راوێژکار پێکدێت.